# پرسەنامەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ یادی چلەی پیرەمێرد

هۆشیار بەکر عەزیز
(کەرکووک)

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی مێژوونووسێکی ناودار و ئەدیبێکی خاوەن توانایی بوو، لەهەمان کاتدا مرۆڤێکی نەتەوەیی و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و خەمخۆری خزم و دۆست و هاوڕێ و تەواوی نووسەران و ئەدیبان بوو، بەردەوام سەردانی زۆربەیانی کردووە، بەتایبەتی لەکاتی نەخۆشی و ناخۆشیدا، لەپرسەدا ئامادە بووە و لە یادی چلەکانیشدا بە وتار، یان شیعر، یان پەخشان خوێندنەوە بەشداری کردووە و هاوخەمی خۆی دەربڕیوە، ئەگەر دوور بووبێت، یان نەیتوانیبێت ئامادەبێت، ئەوە بەنامە ناردن پرسە و هاوخەمی خۆی دەربڕیوە.

مەلا جەمیل لە پەنجاکاندا ماڵیان لە گوندی (بەیانلوو)ی ناوچەی قەرەحەسەنی سەر بەپارێزگای کەرکووک دەبێت، پیرەمێرد لە ١٩٥٠/٦/١٩ کۆچی دوایی دەکات، بۆ یادی چلەی ئەم شاعیرە نەمرە، پرسەنامەیەک لە ١٩٥٠/٨/٢٠ لە گوندی (بەیانلوو)ەوە دەنێرێت، تێیدا دڵتەنگی و هاوخەمی خۆی بۆ لەدەستدانی ئەو شاعیر و ئەدیبە بەهرەمەند و ڕۆژنامەنووسە کارامەیە و کەسایەتییە ناودارەی کوردستان و سلێمانی دەردەبڕێت. ئەگەر پیرەمێردی نەمر یەکەم کەس بووبێت لەسەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا لە گردی مامەیارە لەسلێمانی ئاگری نەورۆزی کردبێتەوە و یادی ئەو جەژنەی بەرز ڕاگرتبێت، ئەوە (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی)ش یەکەم کەس بووە لەسەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا ئاگری نەورۆزی لە چەند ئاواییەکی گەرمیان (مەتارە، کلیسە، بەیانلوو، تەرجیل) کردووەتەوە و یادی ئەو جەژنەی بەرز ڕاگرتووە، زۆربەی خەڵکی ئەو دەڤەرەی بە جەژنی نەورۆز ئاشنا کردووە. ڕوحی خوا لێخۆشبووان (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و پیرەمێرد) شاد و ئاسوودە بێت. پرسەنامەکەم لەناو دەستنووسەکانی (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی)دا دۆزییەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

مامۆستای بەنرخ و بەرزم، جێگەی هیوا و نازم

دوێنێ لە ڕۆژنامەی (الزمان)دا خوێندمەوە، کە یانەی سەرکەوتن چەنبەری پرسە بۆ (پیرەمێرد) دائەنێ، بەڕاستی دڵم خورپایەوە، ئەژنۆکانم هاتنە لەرزین، ڕۆژم لەپێش چاو

بوو بەشەوەزەنگ! نازانم کەی ئەم پیرەمێردە کۆچی کرد؟ کەی بەهەتیوی جێی هێشتین؟ کوردی بەدبەخت، بۆچ لە پڕشنگی ئەدەبی ئەم گەوهەرە تاقانەیە بێ بەش بوو؟ خوا دڵتان بداتەوە، جێگەی پڕکاتەوە، ئەدیبێکی بەرزی وەکوو ئەومان بۆ پێ بگەیێنێ، کە بە فەردی (ڕۆحی مەولەوی) گەنجی کورد بکاتە سەر خوابگاکەی! و بەکەمانجەژەن ئاهەنگی یادگاری ساڵانەی ئەو بگێڕێ و (ژین) بخاتە لەشی کوردی باوک مردووەوە. منیش وەکوو ئێوە غەمبار، ناڵەکار، چاوزار، گریەکارم، هاوبەشی هەموو خەفەت و داختانم.

**محەمەد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی**
**لەیلان ـ بەیانلوو**
**١٩٥٠/٨/٢٠**



**مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی**



ماموستای بەرێز و بەرزم، جێگەی هیوا و نازم

دوێنێ لە ڕۆژنامەی (الزمان)دا خوێندمەوە، کە یانەی سەرکەوتن
چەند بەرهەمێکی بۆ (پیرەمێرد) دانانێ، بەڕاستی دڵم هورپایەوە،
ئەو ڕۆژگارانەم هاتەوە بیر، ڕۆژم لە پێشی چاو بوو بە شەوەزەنگ!
نازانم کەی ئەم پیرەمێردە کۆچی کرد؟ کەی بەهەتیوی جێی هێشتین؟
کوردی بەدبەخت، بۆچ لە پڕشنگی ئەدەبی ئەم گەوهەرە تاقانەیە بێ بەش بوو؟
خوا دڵتان بداتەوە، جێگەی پڕکاتەوە، ئەدیبێکی بەرزی وەکوو ئەومان
بۆ پێ بگەیێنێ، کە بە فەردی (ڕۆحی مەولەوی) گەنجی کورد بکاتە سەر
خوابگاکەی! و بەکەمانچەژەن ئاهەنگی یادگاری ساڵانەی ئەو
بگێڕێ، و (ژین) بخاتە لەشی کوردی باوک مردووەوە.
منیش وەکوو ئێوە غەمبار، ناڵەکار، چاوزار، گریەکارم،
هاوبەشی هەموو خەفەت و داختانم.

محمد جمیل بەندی ڕۆژبەیانی
لەیلان - بیانلو
٥٠/٨/٢٠